# مەزدای روح



هۆشەنگ شێخ محەمەد
2006/10/11
Hoshang72@yahoo.com

لە وێرانەی جوانییەکانمدا بەسەر پەرچەمەکانی تۆدا پێکەنینم ئەڕژا

ببورە ئەی خودا .. ببورە مەزدای رۆحی پەڕاگەندەی من

پێدەچوو لەو دەشتەدا شتێک نەمابێ لە سینەمدا

شتێک نەمابێ لە باخچەکانی هەبوون و فەنابوونمدا

ئەی تریفەی مەرقەدەکانی شعر و گوڵی مەرکانەکانی حەرفە تۆزاوییەکانم

زایۆنێکم گەرەکە .. بە ماچ بمکەیتە جەلاد



وەرە تێکەڵی ئەو جگەرەیە بە کە لەناو دڵمدا خوێنم ئەمژێ

وەرە بمکوژە ئەی عاتیفەی دڵبەر

وەرە و هەڵمگرە و بە مێلاقەکانی هزرتەوە وەک رێحان بمگوشە

لیمۆیانە بەسەر مەمکەکانتدا لێوم بکە بە باران و با تێکەڵ بین

با شەهوەت و عەقڵ و پەنجە و رۆحمان بکەینەوە بەناو یەکدا

وەرەوە من لەدەرەوەی تۆدا تۆفان ئەمبا

زریان ئەمکوژێ .. خوا ئەمدزێ

من لە دووری تۆدا .. مەسافەی پەنجەکانم و سوخمەکەت تادووری

جەهەنەم درێژ ئەبێتەوە

لە دەرەوەی تۆدا کراسێک یەخەی سەرخۆشە بە عارەقە و

دەماغێك بێهۆشە بێ بۆنی خۆشەویستی

ئەی خودای من بمدەرەوە .. هێزی ڤین و قودرەتی شەوبۆ
بمدەرەوە ئەی مەزدای ناز .. بمدەرەوە رۆشنایی و سەفای وەنەوشە



بە تولەرێی چی ئەگەمەوە دڵت ئەی نوێژی تاڤگە بۆ
ئاوی ژیان
بە رەنگی چی ئەگەمەوە بەر سێبەرت ئەی فەنابوونم

بیمارانە بەسەر حەزمدا گۆرانی ئەڵێم و چاوانم لە
رووناكایی پەنچەكانتەوە ئەگەڕێن
من چیم داوە لەو سوحبەتە بێ ئامانە
لەو تەئەممولە بێ بەرائەتە

من لەرەگەوە هاوار ئەكەم .. لە زریانەكانەوە توندتر بەسەر ئەم ژیانەدا ئەرژێمەوە
بێ مانا لە باخچەیەك نوێژ  بۆ من مەكە
بێهوودە لە ئێوارانی سەرخۆشیدا بە دوای مندا مەگەڕێ
من ئەوەتام غەرقم لە ژیان و لە سەربوردەی پیاوە تورەكان

من تەنیام و نامەكانی با ئەدەمە دەست پەلكی چنارێك تا بیداتە رووبارێكی شەیدا
شەیدا بە تۆ
شەیدا بە ئاوسبوونی تۆ لە پەلكە رێحاندا



من تەنیام و چاوەكانی هەتاو ئەدەمە
دەست چرای بخورێك تا بیگەیەنێتە
مەعبەدێكی مەراق
مەراق بە یادگاری و وێنەكانی تۆ لە بەهەشتدا

من خۆم ئەدەمە دەست خوا .. تا بمداتە پێغەمبەرێکی دانا لە عەشق و سۆفی لە مەحەبەت

خۆم ئەدەمە دەست یاخیبوون .. تا بگەمە شەرەکانت
خۆم ئەدەمە دەست شێتبوون تا بگەمە حیکمەتەکانی ئازادی و سنوورەکانی خۆشەویستیت

ئەی مەزدای من .. بە چی تێکەڵت بم ؟
بە کتێب و شەراب و شعر .. یان بە جگەرە و دڵ و هەناسەم

بەچی بێمە بەر چاوەکانت .. بە سوژدەی فریشتەیەکی رووت یان بە شەرەکانی عەشقێکی پڕ لە حیکمەت



چۆن پێت بلێم خۆشم ئەوێی ؟
خوێن بڕێژم یان گۆرانی ..

چۆن پێت بلێم بیکوژە .. ئەو دووڵییە بکوژە
کە دووری ئەیچێنێ..

گوێ لە ترپەی دڵ و خشپەی پێم بگرە
چاودە دەستنووسەکانی پیاوەتیم و ئازادیم لە باوەشتدا

بڕوانە ئەو رۆحە .. لەدەرەوەی تۆدا چەند بەدبەختە

لێگەڕێ با بەدبەختی ئەم ولاتە کەمێک بەسەر گوڵەسپییەکانی باخچەی ئەم شەوەدا خۆی نمایش کات

ئێمە لەوەرزێکداین خۆی داوەتە دەست دزیکەرەکانی رەنگ
لە بەهاری عەشقێکداین کەس پیاسەیەکی تێدا ناکات
لە هاوینی حورمەتێکد داین کەس بە پیرۆزی نازانێت

له زستانی فیراقێك داین كەس بۆی ناگرییێت

له پایزی مەرگێك داین كەس تەرمێك نابینێ

من و تۆ له چاو ژیاندا ئەوەندە گچكەین لەسەر پەلكی هیچ عەشقێكدا جێگە ناگرین

من و تۆ لەچاو ئازادیدا ئەوەندە بێ ئاسمانین لەسەر باڵی چ دەستورێكدا نافڕین

من و تۆ ئەوەندە تەڕین لەدەفتەری هیچ تەڵەبەیەكی ئیبتیدائیشدا حەرفێكمان لەسەر نانووسرێت

من و تۆ لەو بێ میهرییەدا رێ ناكەین نا..

من و تۆ لەو وشكایەتییەدا نابینە رەنگ

